# گەنج،
# ئاییندەبینی.. کوژرانی خەونەکانی



جەمال پیرە

ئەمڕۆکە مەسەلەی گەنجێتی بە پشتبەستن بەو لێکۆڵینەوانەی کە لە رابردوودا ئەنجامدراون بە گشتی لە سەر دوو ئاستدا دەبینرێتەوە، یەکەمیان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە راستەوخۆ لە پرۆسەی گەشەی پێکهاتەی جڤاکی خۆی نمایش دەکاتو دووهەمیشیان وەك گۆڕانو دەرکەوتەیەکی بایۆلۆژی کە حاڵەتێکی جیاوازو ناوازە بە جەستەی مرۆڤ دەبەخشێ، لە هەردوو حاڵەتدا مەسەلەکە پەیوەست دەبێ بە رەنگدانەوەی راستەوخۆیانەی ئەم توێژە بە سەر کۆمەڵ و ئاراستەو بیرکردنەوەکانی، لە هەمان کاتدا ناکرێ چاوەڕوانی دەرکەوتنی دیاردەیەکی تری پەیوەست بەم مەسەلەیە نەکەین کە راستەوخۆ زمانی کاریگەریو شوێن پەنجەی گۆڕانیان بەردەکەوێ، بەو پێیەی کە گەنج وەك کائینێك خاوەن وەزیفەی جیاوازی خۆیەتی بەو مانایەی کە خواستو ئارەزووەکانی خێراتر لە کەسانی تر یا تەمەنەکانی تر ناچاری هەڵسوڕانی کاردانەوە ئاسایانە دەکەن وەك ئەوەی کە دەشێ پێمانوابێ لە ناو خودی تەمەنی گەنجێتیدا چەندین مۆتیڤی جیاجیا هەن لە هەر کاتێکدا بیەوێ پاڵ بە گەنجەوە دەنێت ئەوەی کە بە شاراوەیی لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە بە رووی بەرامبەرو دەوروبەرەکەیەوە بتەقێنێتەوە، هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا سەرکێشیو یاخیبوونی لە دایکبووی گەنج نە حساب بۆ ترادیسیۆنو بنەما کولتووریەکانی کۆمەڵ دەکات نە بۆ دامەزراوەو پێکهاتەی ئیداریو سیاسی دەسەڵات، لەم کاتەدا مرۆڤی گەنج کەسێتییەکی سەربەخۆو بێلایەنە، ئەو دەمەی کە گەنج سەرگەردانی تێرکردنی غەریزەکانیەتی کە خواستو ویستی فسیۆلۆژیو مۆتیڤەکانی ناوەوەی خودی خۆی ناچاری بەدواداگەڕانی دەکەن نەك رێگەی تری ناشەرعی، گەڕان بە دوای ئاسوودەییو تێرکردنی رەمەکییەکانی لە لای خودی گەنجدا هەرگیز شوورەییو لادان نییە لە دابو نەریتی مرۆڤبوون ئەگەر لادانیش بن لە دابی کۆمەڵ، لێرەدا پێویست دەکات ئاماژە بەو دوو چەمکەی مرۆڤ بوونو کۆمەڵ بدەینو جیاکارییەك لە نێوانیاندا بخەینە روو.

بەو پێیەی کۆمەڵگاکان رێك لەسەر بنەمای رادیکاڵی مرۆڤەوە پێك نەهاتوون واتا هێزێك نییە بیسەلمێنێ کە هەموو جارێ کۆمەڵگا بەهەشتێ بۆ تاکەکانی دەخوڵقێنێ بگرە زۆر جار دۆزەخێ چێدەکا، کەواتە نەریتی مرۆڤبوون کە خۆی لە چەند ئاکشنێکی سروشتیانەی مرۆڤەوە دەبینێتەوە لە گەڵ نەریتی کۆمەڵ کە هاوکات لەگەڵ خۆیدا سنووربەندیو چوارچێوەیەکی لە رادەبەدەر ناسروشتیانە دێنێتە ئاراوە، دیارە کە رەنگدانەوەی ئەم حاڵەتە ناتەبایە لە گەڵ واقیعی جەستەیی مرۆڤی گەنج یاخیبوونە بەو مانایەی کە واقیعە کۆمەڵایەتیەکە

لەبەرچاو ناگرێ.

بۆ ئەوەی خۆمان لەو قەیرانەی دیارکردنی تەمەنی گەنجێتیدا دەرباز بکەین دەبێ سەرەتا لەمەدا یەکلا بووبینەتەوە کە تەمەنی گەنجێتی ئەوەندەی رۆحیەتی گەنجبوون و نوێبوونەوەیە ئەوەندە ماوەی چەند ساڵەی تەمەنی مرۆڤ نییە کە زۆرتر لە دوای تەمەنی هەرزەکارییەوە هەموومانی پێ ناونراوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دەشێ کەسێك لە تەمەنی راستەقینەی گەنجێتی خۆی دابێ و ماناکانی گەنجبوون نەیگرێتەوەو بە پێچەوانەشەوە دەشێ کەسێك لە پاییزی تەمەنی خۆیدا بێ و هەڵگری رۆحیەتی گەنجبوون بێت، ئەگەر بۆ یاخیبوونیش بگەڕێینەوە کە تەوەرێکی سەرەکی بابەتەکەمانە لە بنەڕەتدا پێویستیمان بە روونترکردنەوەی وشەکە خۆی دەبێ بەوەی کە ئایا وەختێ نازناوی یاخیبوون دەدرێتە پاڵ ناوی گەنج بە تەنها هەڵگری یەك رەهەندو یەك مانای راستەقینەیە؟، لەم کۆمەڵگایەی خۆماندا کە جگە لە کۆمەڵگایەکی داخراو هیچ ناوێکی تر لە خۆیەوە ناگرێ، کەمجار رێك دەکەوێ گەنجێك ببینیت و بیکەیتەوە لە ناو خۆیدا هەڵگری دەیان پرسیارو نارەزایی سەراسیمە نەبێت، هەموو ئەو نارەزایەتیەی خودی گەنج ئەگەر بە سادەترین گوزارشت دەربڕین لە دەرەنجامی کوشتنی خەونەکانیەوەیە، وەختێ گەورەکان داوای هێوریی و کۆپی خۆیان لە گەنج دەکەن راستەوخۆ گوزارشت لە هێنانە کایەی ئەتمۆسفێرێکی هەستکوژە دەکەن، ئەوەی کە لێی چاوەڕوان دەکرێ بەتەنها گرنگیدانە بە دۆزینەوەی نەوەیەکی گوێڕایەڵ و لەوچوو، کە ئەمەش لە گەڵ خۆیدا چەندین مەترسی جیا جیای لێدەکەوێتەوە، رەنگە لێرەدا دەرفەتی لێکدانەوە شیکردنەوەیمان نەبێت، دەکرێ ئەم حاڵەتەی سەرەوەش زۆر جار وەك ململانێی دوو نەوەی جیاواز بخەینە روو،

لە هەمان کاتدا چاوەڕێی بە یەکدا کێشانی ئەم دوو نەوەیە بکەین، ئەم ناونانە هەرگیز بانگەشەیەك نییە بۆ هاندانی توندوتیژی ئەوەندەی دەرخستنی چەند راستییەکن کە لە واقیعی ئێمەدا دەبینرێن و هەستی پێ دەکرێت، دواجار چاوەڕێی چی بکەین؟ ئەگەر نەیەین وردترو قوڵتر بۆ رەگو ریشاڵی گرفتەکە نەگەڕێینەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێویستی بە رەخسان و هێنانەکایەی دەرفەتی لەبارو تایبەت هەیە، بۆ ئەوەی کەسێك نەبین دەوروبەری زاڵ بێدەنگمان بکات دەبێ گەنج خۆی بێت و دەسبەرداری هێنانەدی  خەون و هیواکانیان نەبن، ئەگەرچی ئەم کردارەش ئاسان نیەو ناکرێ بە ئامادەکراوی بێتە بەردەمی گەنج بەڵام کەسێتی گەنج خۆی بەشێکی سەرەکی ئامادەسازی ئەم مەسەلەیەیەو تێرامان و بیرکردنەوەو گەڕان، بەدوای کرانەوەی تایبەت بە خۆی گەرەکە،

راستیەکەی دەکرێ یاخیبوون خۆی بکا بە رێنماییەکی راستەقینەی بارگاویکراو بە چارەسەری کە لە گەڵ خۆیدا هەم هەڵگری تواناکانی دیالۆگ بێ کە رێگە چارەیەکی شارستانیانەیە لە گەڵ نەوەی بەرامبەر هەمیش ئامادەیی و تەیارسازی خۆی لە ئاستی کەمتەرخەمی گەورەکاندا بۆ ملکەچ نەبوون و گوێڕایەڵی، ئەوەی کە لێرەدا زەروورە بزانرێ پێچکردنەوەیە بەو لۆژیکەی عەقڵی گەورەکان کە پێیانوایە گەنج دەبێ گوێڕایەڵ و عاقڵ بێت بە مانا تایبەتیەکەی خۆیان، لە راستیدا پێویستە گەورەکان لە ئاست گەورەیی ماناکانی یاخیبووندا گوێرایەڵ بن، لە پێناو نەهاتنە کایەی کەشێکی توندوتیژو یاخیگەرایانەی تەوژمی گەنجاندا.

دیارە من لێرەدا هەرگیز مەبەستم دۆزینەوەی بەربەست و رێگری نییە لە بەردەم هەڵچوون و یاخیبوونی گەنجێتیدا، لە راستیدا بێ یاخیبوون نە دەکرێ چاوەڕێی گۆڕان بین ئاییندەمان بۆ روونال بکاتەوە نە دەشکرێ لە تەواوی ماناکانی مرۆڤ بوونی گەنج بگەین، کە منی گەنج دەستەمۆ و پەلبەست بکرێم، حەتمەن تەنها رێگەچارە راچڵەکین و بە ئاگاهاتنەوەیە، ئەوەش کە پێویستی بە هێنانەوەی بەڵگە نییە مەسەلەی بوونی توانایەکی گەورەو

**له رادەبەدەری توێژە هەرە زیندووەکەی کۆمەڵە کە گەنجانن، لەم سەرووبەرەی حاڵیبوونو دەرکەوتنی توانا راستەقینەکانی گەنجانیشدا جگە لە دانانان بە زیندوویتی هێزە کاریگەرو راستەقینەکەی کۆمەڵ هیچ بوارێکی تری مامەڵەو بیرکردنەوەی تر نەماوەو ناکرێ بیر لە ئالتەرناتیڤی تر بکرێتەوە.......**

*jamalp@hotmail.com*